گەڵا مژدە ڕاهێنەری لەشجوانی خانمانی کۆیە:

# حەز و ئارەزووم بۆ وەرزش لە ئاستەنگەکان بەهێزترە

ماوەیەکە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان وەرزشی لەشجوانی و لەشڕێکی و هێزی لەش گرنگیی زیاتری پێ دەدرێت، بەتایبەتی خانمان کە گرنگیی زۆر بەم وەرزشە دەدەن، ڕەنگە لە ماوەی داهاتووشدا ببێتە یەکێك لەو یارییانەی کە ئافرەتانی وەرزشکار لە پاڵەوانێتییەکاندا بە ڕێژەیەکی زۆر ڕووی تێبکەن و کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی گەورە بکەن، لە ئێستادا هۆڵە وەرزشییەکان لە شارەکانی کوردستان خاوەنی چەندین ئافرەتی بەتوانان لەم وەرزشە، یەکێك لەو خانمە ڕاهێنەر و یاریزانانەش (گەڵا مژدە) یە، کە ماوەی چەندساڵێکە هەردوو یاریی لەشجوانی و هێزی لەش دەکات، ئەم یاریزانە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی کۆیەیە و خەونی زۆری لە وەرزشەکەیدا هەیە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

■ دیمانە: کارزان کانەبی



*** چۆن بوو خۆت لەم وەرزشەدا دۆزییەوە؟**

- لە بەر ئەوەی دەمویست ببمە خاوەن لەشولارێکی رێك و تەندروست و لە رووی دەروونیشەوە سوودێکی زۆری هەیە، بۆیە بڕیارم دا روو لەم وەرزشە بکەم.

*** ئایا ئەم وەرزشە بۆ خانمان وەرزشێکی قورس نییە؟**

- رەنگە قورس بێت، بەڵام حەز و ئارەزووم بۆ وەرزش لە ئاستەنگەکان بەهێزترە.

*** لە یەك کاتدا دوو وەرزش دەکەیت، هەڵگرتنی قورسیایی و لەشجوانی، لە کامیان سەرکەوتووتریت؟**

-زیاتر لە یاری لەشجوانی سەرکەوتووترم.

*** وەك راهێنەرێکی ئەم یارییە پێشوازیی خانمان لەم یارییە لە چ ئاستێکدا دەبینیت؟**

- لە ئاستێکی باشدا پێشوازی لێ نەکراوە، ئەویش هۆکارەکەی ئەوەیە کە زۆر کەس وای دادەنێت وەرزش تەنیا بۆ قەڵەوەکانە، یان زۆربەیان بە شایەنی نازانن و کاتی خۆیان بۆ وەرزش دیاری ناکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چەند ساڵەی دوایی لە چاو ساڵانی پێشوو باشترە، بەهیوای ئەوەم باشتریش بێت.

*** بەگشتی ئاستی یاریی لەشجوانی لە کوردستان چۆن دەبینیی؟**

- بەشێوەیەکی گشتی ئەم وەرزشە ئێستا لە کوردستان خواستی زۆری لەسەرە، بەتایبەتی هەڵگرتنی قورسایی، وای دەبینم لە ئاستێکی باش بێت.

*** بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار چ کارێك پێویستە بکرێت؟**

- پێویستە زانیاریی زیاتر بڵاو بکرێتەوە لە سەر ئەم جۆرە وەرزشە، بەتایبەت لە راگەیاندنەکان و میدیاکانەوە بەرنامەی تایبەت هەبێت و باسی بکات و سوودەکانی بخرێتەڕوو.

*** وەکو یاریزانێك پلان و بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟**

-هەوڵدەدەم زیاتر زانیاری وەربگرم و پەرە تواناکانم بدەم، چونکە خەونی من ئەوەیە لە داهاتوودا ببمە یەکێك لە باشترین یاریزانەکان و بەشداری لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەی کوردستان بکەم.

***کێشە و ئاستەنگی سەرەکیت لە وەرزشکردنت چیە؟**

- یاریی بەرزکردنەوەی قورسایی یارییەکی زۆر هەستیارە، چونکە لەوانەیە بچووکترین هەڵە تووشی زیانی زۆرت بکات، لەبەر ئەوە دەبێ زۆر ئاگادای خۆم بم.

*** کێ زۆر هاوکاریت دەکات؟**

-خانەوادەکەم تا رادەیەکی باش هاوکارم بوون و پشتگیرییان کردووم.

***وەکو راهێنەرێك بەنیازی ئەوە نیت تیپێکی کچان دروست بکەی؟**

-هەوڵماندا کە تیپێك دروست بکەین، بەڵام رێژیەکی کەم لە وەرزشکارانی ئافرەت ئامادە بوون کە بەشدای بکەن.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ پشتگیریکردنی وەرزش و وەرزشکارانی کوردستان، هیوادارم لە خزمەتکردن بە وەررزش بەردەوام بن.



# ڕۆناڵدۆ بەشێک لە مووچەکەی دەبەخشێتە خێزانەکەی

سەرچاوە ڕاگەیاندنەکان ئاشکرای کرد، کە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بەشێك لە مووچەی مانگانەی بۆ جۆرجینا ڕۆدریگێزی کچە هاوڕێیەکەی تەرخان کردووە.

ڕۆژنامەی سەنی بەریتانیا، لە ڕاپۆرتە هەواڵێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە مانگانە کریستیانۆ ٩٦ هەزار یۆرۆی پێشکەشی جۆرجینای کچە هاوڕێیەکەی کردووە.

جۆرجینا ئەم بڕە پارەیە وەکو دیارییەك وەردەگرێت جیا لەو خەرجییەی کە جۆرجینا بۆ چوار منداڵەکەی ڕۆژانە خەرجی کردووە.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی تەمەن ٣٥ ساڵ، کە لە هاوینی ٢٠١٨ ڕیال مەدریدی جێهێشت و ڕوویکردە یوڤێنتۆس و ساڵانە ٣١ ملیۆن یۆرۆ مووچەکەیەتی، بەمەش کۆی ئەو پارەیەی لە ماوەی ساڵێك کریستیانۆ پێشکەشی جۆرجینا دەکات نزیکەی دوو ملیۆن یۆرۆیە.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ئەم وەرزە لە خولی نایابی ئیتاڵیا ٢٠ گۆڵی لەگەڵ یۆڤانتۆس تۆمار کردووە، لە ٢٠١٧ـەوە لەگەڵ جۆرجینا ڕۆدریگێز پەیوەندی سۆزداری و خۆشەویستییان هەیە و ئێستا بەیەکەوە دەژین و بەنیازن بە فەرمی مەراسیمی هاوسەرگیری ساز بکەن.

# ڕیال مەدرید یاریزانە بەرازیلییەکەی پێشکەشی دەزگا ڕاگەیاندنەکان کرا

ڕێنییێر خیسۆسی بەڕازیلی گرێبەستەکەی لەگەڵ ڕیال مەدرید واژۆ کرد و پێشکەشی میدیاکان و هاندەرانیش کرا.

خیسۆسی یاریزانی پێشووی فلامینگۆ دوای ڕێککەوتنی لەگەڵ ڕیال مەدرید گرێبەستەکەی نێوانیان واژۆ کرد و تاکو ساڵی ٢٠٢٦ لەگەڵ یانە مەدریدیەکە دەبێت.

دوای واژۆکردنی گرێبەستەکە ڕێنییێر خیسۆس لە سانتیاگۆ بێرنابیۆ پێشکەشی هاندەران کرا.

ڕێنییێر خیسۆس لە گواستنەوەکانی زستانە بەرامبەر ٣ ملیۆن یۆرۆ گوازرایەوە ریزەکانی ڕیال مەدرید و لەگەڵ تیپی دووەمی ئەو یانەیە یاری دەکات.

خیسۆس لە یەکەمین لێدوانیدا بە گریانەوە هەستی دڵخۆشی خۆی دەربڕی، گوتیشی: زۆر بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێ دەکەم، لە تیپی کاستیا لەژێر سەرپەرشتی ڕائول گۆنزالێز یاری دەکەم، یەکێکە لە نموونە بەرزەکانی ژیانی وەرزشی من ، ڕیال مەدرید باشترین یانەی جیهانە و ئێستا خەونەکەم هاتە دی و هەموو توانای خۆم بۆ خزمەتی ئەم یانەیە دەخەمەگەڕ.

خیسۆس دەشڵێت: هەموو هەوڵێ دەدەدەم بۆ سەرخستنی تیپەکەم، تەنانەت ئامادەم ژیانم لە پێناوی دابنێم، چونکە ڕیال مەدرید خەونی منداڵیم بووە و لە ئێستادا بۆتە ڕا ستی .

خیسۆسی تەمەن ١٨ ساڵان، یاریزانی تیپی لاوانی هەڵبژاردەی بەرازیلە و لە کۆی ٦ یاری یەك گۆڵی کردووە، لە خولی بەرازیلیش لە کۆی ١٤ یاری، ٦ گۆڵ و ٢ ئاسیستی هەیە، لە ئێستادا بە ٣ ملیۆن یۆرۆ لە یانەی فلامینگۆی بەرازیلی ڕوویکردە ڕیال مەدرید.






# میسی مێژوویەکی تری بۆ خۆی تۆمارکرد




لیۆنێل مێسی بووە یەکەم یاریزانی تۆپی پێ لە میژوودا خەڵاتی لاوریۆس بۆ باشترین وەرزشوانی ساڵ بەدەستبهێنێت، کە بە هاوبەشی لەگەڵ لویس هامیلتۆن بە باشترین وەرزشوانی ٢٠١٩ دەستنیشانکران و سیمۆن بایلزی کچە یاریزانی جمناستی ئەمریکی بە باشترین کچە وەرزشوانی ساڵ هەڵبژێردرا.

مەراسیمی ساڵانەی دابەشکردنی خەڵاتەکانی لاوریۆس لە بەرلین بەڕێوەچوو، لیویس هامیلتۆنی شوفێری بەناوبانگی بەریتانی و لیۆنێل میسی یاریزانی ئەرژنتینی بە هاوبەشی خەڵاتەکەیان بەدەستهێنا و بەپیش رافایل نادال و تایگەر وودز و سەدان وەرزشوانی دیکە کەوتن، مێسی بووە یەکەم یاریزانی تۆپی پێ لە مێژوودا ئەم خەڵاتە بەدەستبهێنێت، کەچی لە مەراسیمەکە ئامادە نەبوو لە رێگای ڤیدیۆیەکەوە پەیامەکەی بە ئامادەبوون گەیاند.

مێسی لەو پەیامە ڤیدیۆییەی بەبۆنەی بەدەستهێنانی خەڵاتەکەوە ناردبووی، گوتی: دەمەوێت سوپاسی ئەکادیمیای لاوریۆس بکەم بۆ پێدانی ئەم خەڵاتە، بە راستی ئەم خەڵاتە بەلای منەوە زۆر گرنگ و تایبەتە، سوپاسی هاوڕێکانم و خێزانەکەم دەکەم، کە هەمیشە پاڵپشتیم دەکەن.

# یانەی دهۆک گرفتەکانی چارەسەر دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك ئەم وەرزە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان چاوی لەوەیە کە بتوانێ یەکێك بێت لە یانە بەهێزەکانی بادینان و کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم یانە بەشداربووەکانی خولەکە بکات، بەڵام بەهۆی نەبوونی توانای دارایی و دواکەوتنی مووچەی یاریزانان لە وادەی دیاریکراوی خۆی، چەند یاریزانێکی یانەکە ریزی تیپی تۆپی پێی دهۆکیان جێهێشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا کارگێڕیی یانەکە گرێبەستی دیکەی مۆرکردووە و دەیەوێت گرفتە داراییەکانی چارەسەر بکات، لەم بارەشەوە محەمەد عەلی بەرپرسی راگەیاندنی یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گولان گوتی: "یانەکەمان لە هەوڵی ئەوەدایە کە گرفتە داراییەکانی چارەسەر بکات، ئەویش بە پاڵپشتیی کاك ئیدریس بارزانی وەکو پشتیوانی یانەکە کە بەردەوام هاوکاری کردووین، جگە لەوەش راستە یانەکەمان چەند مووچەیەکی دواکەوتووە، بەڵام ئێمە بە شێوەی قست پارەمان بە یاریزانان داوە، بۆ نموونە: یاریزانێك دوملیۆن دینار مووچەکەی بێت، ئێمە بەشێکمان پێ داوە و ئەوانی دیکەش لە داهاتوو پێیان دەدەین"، لەبارەی رۆیشتنی یاریزانانیش گوتی: " راستە ئێمە چەند یاریزانێکمان رۆیشتوون، بەڵام گرێبەستمان لەگەڵ چەند یاریزانێکی بەتواناش کردووە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی گەورە بەدەستبهێنین، چاویشمان لەوەیە کە ئەنجامەکان لە قۆناخی دووەم بەرچاوتر بن و لە یارییەکانی داهاتوو بە شێوەیەکی باشتر دەربکەوین، زۆرێك لە یانەکان گرفتی داراییان هەیە، ئێمەش بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەی یانەکەمان لە هەوڵی بەردەوام دەبین".



# نەبوونی هۆڵی راهێنان کێشەی بۆ یانەی دووکان دروست کردووە

تیپی فوتساڵی کچانی یانەی وەرزشیی دووکان سەر بە پارێزگای سلێمانی لە وەرزی رابردوو نەیتوانی ئەنجامێکی شایستە لە خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان بەدەستبهێنێت، ئەمساڵیش تیپەکە بە کۆمەڵێك یاریزانی لاو بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولە گەورەکەی کچان هەوڵی کێبڕکێ دەدات، لەم بارەشەوە تانیا ئەحمەد راهێنەری تیپی فوتساڵی یانەی دووکان بۆ گۆڤاری گولان گوتی: "ئەمساڵ ئامادەکارییەکانمان چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانین لەم وەرزە ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنین، ئەم وەرزە یارییەکان زیاتر بەهێز دەبن و کێبڕکێکان لە نێوان یانەکانی کوردستان زیاتر دەبن، بەڵام کێشەی سەرەکیی ئێمە نەبوونی هۆڵێکی تایبەت بەخۆمانە بۆ ئەنجامدانی مەشق و راهێنانەکانمان"، لە بارەی گۆڕانکارییەکانیش گوتی: "دوو یاریزانی تازەمان هێناوەتە ریزی یانەکەمان (سۆنیا مەحموود لە ئاکرێ و مینا محەممەد لە بەغدا) بۆ ئەوەی ئەمساڵ بەم یاریزانانە و یاریزانە لاوەکانی خۆمان ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین"، گوتیشی: "یاریزانەکانی دیکەمان ریزی یانەکەیان جێهێشتوە و ئاسیا عەبدوڵا چۆتە یانەی سیروانی نوێ و باوان خدر چۆتە ریزی یانەی رانیە و داستان عەلی چۆتە ریزی یانەی هەڵەبجەی شەهید، ئەمساڵیش



# سەیفەدین فەتاح لەگەڵ غەڕافەی قەتەری بەردەوامە

ئاستی تۆپی سەرمێز لە شارەکانی کوردستان گرنگیی زۆری پێ دراوە، چەندین یاریزانی بەتواناش گرێبەستیان لەگەڵ یانەکانی عێراق و دەرەوەی عێراقیش مۆرکردووە. سەیفەدین فەتاح یاریزان و ڕاهێنەری پێشووی یانەی سلێمانی، ئەم وەرزە وەکو یاریدەدەری یەکەمی یانەی غەرافەی قەتەری بە فەرمی گرێبەستی مۆرکردووە، بۆ ئەوەی ئەمساڵ وەکو ڕاهێنەرێکی کورد بتوانێ ئاستی تیپەکەی کەنداوی عەرەبی بەرز بکاتەوە، لەم بارەشەوە سەیفەدین فەتاح یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی غەڕافەی قەتەری بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: "ماوەیەکە لەگەڵ یانەی غەڕافەی قەتەری وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەری تیپی تۆپی سەرمێزی یانەکە کار دەکەم و، بەردەوام دووەم ڕاهێنەرم لە یانەکە، سەرپەرشتیی تیپەکانی ئاستەکانی تەمەن و ئاستی پێشکەوتووانیش دەکەین، تاکو ئێستاش هیچ گرفتێکم نییە و ئامانجی منیش ئەوەیە کە یاریزانان ئامادە بکەین، بۆ خولەکانی ناوخۆی قەتەر و دەرەوەش لە ئاستێکی زۆر باشدا بن، تاکو ئێستاش لە ژێر تاقیکردنەوەدام بۆ ماوەی سێ مانگ، دوای ئەوەش بڕیارمان داوە کە بەردەوام بین لەگەڵیان". سەبارەت بە گرێبەستی دیکەش گوتی: "تا ئێستا هیچ گرێبەستێکم لەلایەن یانەکانی عێراق و کوردستانەوە پێشکەش نەکراوە، منیش وەکو یاریزان هەر بەردەوامم لە یەکە مەشقییەکانم و پارێزگاریم لە ئاستی خۆم کردووە، بەڵام لەگەڵ کارگێڕیی یانەی غەڕافە قسە دەکەم، بۆ ئەوەی ئەگەر گرێبەستێکم بۆ بێت لەلایەن یانەکانی کوردستان، یان عێراقەوە بتوانم یارییان بۆ بکەم. زیاتر پشت بە یاریزانانی قەزای دووکان دەبەستین و دەمانەوێ بەم یاریزانانە شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەین لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی فوتساڵی کوردستان".

قەزای دووکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، گرنگیی بە زۆربەی یارییە وەرزشییەکان دەدات لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان و ساڵانە لە چەندین یاری ئەنجامی بەرچاوی هێناوە، ئەمساڵیش دەیانەوێ تیپی فوتساڵ لە خولەکە شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە بکات.




